# بیرمەندیکی خەمخۆری کورد لە عیراقی تازە دامەزراودا

بەبۆنەی دەرچوونی کتێبی
"بیرمەند و مێژوونووسی گەورەی کورد،
محەمەدئەمین زەکی بەگ"
نووسینی دوکتۆر سەباحی غالیب

**"من بە گوێرەی تەدقیقات و تەتەبوعاتی خۆم، بە تەواوەتی تێگەیشتووم کە قەومی کورد و تەئریخەکەی هیچ موحتاجی ئەم نەوعە شتانە (واتا حیس و خەیاڵ، شت هەڵبەستن و گۆڕینی حادیثاتی تەئریخیە) نییە، مەفاخیری تاریخییەی زۆرە، ئەبێ بۆیان بگەڕێین و بیاندۆزینەوە. وەظیفەی پێگەیشتوانی کورد ئەمەیە." (ئەمین زەکی بەگ، لاپەڕە ٦٥ی کتێبەکە).**

وێدەچێ دوکتۆر سەباحی غالیب بە ئامادە کردنی ئەم کتێبە ویستبێتی بەش بە حاڵی خۆی، هەمان ئەو 'وەزیفەیە' بەڕێوە ببات کە ئەمین زەکی خستبوویە سەرشانی پێگەیشتووانی کورد. ئەو لە کتێبەکەیدا، ژیانی بلیمەتە کوردەکەی لە منداڵییەوە تا مردن خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی کە ئەمین زەکی بەگ، وەک لە نووسینی کتێبی 'خۆلاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان'دا خولیای خۆی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەرخستووە، لە بەشێکی زۆری تەمەنیشیدا بە

ئامادەکردنی زەمینە و پێش شەرتەکانی ئەو سەربەخۆییەوە خەریک بووە. هەربۆیە، لە کاروباری وەزارەیی عیراقدا ویستوویەتی کەسایەتییەکی سەربەخۆ بداتە کورد و لە عوسمانیچییەتی و ئێرانیچییەتی دووری بخاتەوە. بۆ ئەوەش بەڵگە لە قسە و بۆچوون و نووسراوەکانی خۆی و بیرەوەریی کەسانی نزیک بەو دێنێتەوە.
بە بۆچوونی نووسەر، ئەمین زەکی لە عیراقی تازە دامەزراودا "لایەنگری دەوڵەتی مەلەکیی دەستووری، پەرلەمانی و دیموکرات بووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بە مافی [دابینکردنی] چارەنووسی کورد هەبووە و بیرکردنەوە، هەست، دەروون و کردەوەی وەک خولیا و هیوای هەرە مەزنی بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کورد بووە." (ل. ١٠٦).
بەو شێوەیە، نووسەر، کە خۆی کەسایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کوردە، ئەمین زەکی بەگیش لە ئاوێنەی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ دوارۆژی کورد و کوردستاندا سەیر دەکات و ئەوەش سەرەڕای پەروەردەبوونی کەسایەتییەکەی لە سوپای عوسمانی و ئەرکی وەزارەی لە کابینەی هەشت سەرەکوەزیرانی عیراقیدا.

ئەوەی خوارەوە بەکورتی ئەو ڕوخسارەیە وا نووسەر لە لاپەڕەکانی کتێبەکەدا لە ئەمین زەکی بەگی کێشاوەتەوە:

"لە ساڵی ١٨٨٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دوو ساڵ و نیو لە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی و ئامادەیی سەربازیی لە بەغدا خوێندوویەتی و قوتابخانەی حەربییەی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە... لە تەمەنی٢٨ ساڵیدا بەهرە و خولیای مێژوو نووسینی تێدا دەرکەوتووە، لە یەکەم ساڵی

مەشرووتییەت و شۆڕشی ئیتیحاد و تەرەققی دا کتێبی 'عوسمانلی ئوردوسی' نووسیوە کە لە بەغدا چاپکراوە. وەک جوگرافیازان لە لیژنەی دیاریکردنی سنووری بوڵغارستان-تورکیا و سنوورەکانی قەفقاس-تورکیادا بەشداریکردووە. بۆ خوێندنی فڕۆکەوانی نێردراوە بۆ فڕەنسا. لە ١٩١٨ دابۆتە ئەندامێکی دامەزرێنەری 'کۆمەڵەی تەعالی کوردستان' لە ئەستەمبوڵ ... لە ساڵی ١٩٢٤ یا ٢٥دا گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و هەر لەو ساڵی ١٩٢٥ەشدا بووە بە نوێنەری سلێمانی لە پەرلەمانی عیراق؛ وەزیری بەرگری، ئابووری، کار و هاتوچۆی عیراق بووە... هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسایەتیی ناسراوی دیکەی کورد وەک مەعرووف جیاووک و عەبدوڵڵا جەودەت، لە بەغدا 'یانەی سەرکەوتن'یان بۆ کورد دامەزراندووە و خۆی یەکێ بووە لە دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەکە؛ تا ئەوەی لە تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ دا لە سلێمانی چۆتە بەر ڕەحمەتی خوا و پیر ولاو، میر و گەدای شار تەرمی پیرۆزیان ئەسپاردەی گردی سەیوان کردووە." (لل. ٢٢ تا ٣٣)
بەگشتی، نووسەر کتێبی ژیننامەی ئەمین زەکی بەگی لە ٩ بەشدا ئامادە کردووە کە هەر هەموان شایانی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانەن. هەربەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنێکی تایبەت لە کەسایەتی و ئەرک وکار و نووسینەکانی ئەمین زەکی: سیاسەت، دەستوور، فەرمانڕەوایی، مێژوو، زمان، ئەدەب، هونەر، هەروەها کتێب و نووسراوەکانی بە زمانی کوردی، تورکی و عەرەبی کە یەکیان نامیلکەی گرنگی 'دوو تەقەلای بێسوود'ە وەک "داخوازینامەیەکی سیاسیی گەلی کورد" کە لە ساڵی ١٩٣١دا پێشکەش بە میری کراوە بەڵام پێش بڵاوبوونەوە لە چاپخانەدا ڕاگیراوە و سووتێنراوە. نووسەری

کتێب هەوڵێکی زۆری لە پێناو دۆزینەوەی تاقە دانەی ڕزگاربووی کتێبەکە داوە، کە کاتی خۆی "ئەدمۆندس هێناویەتە بریتانیا و بە کتێبخانەی دیراساتی ئاسیایی و ئەفریقی زانکۆی لەندەنی ئەسپاردووە." دەقی ئەسڵی و دەقی تایپکراوی نامیلکەکە بەشێکی بەرچاوی کتێبەکە پێکدەهێنن. دیارە بۆ دۆزینەوە، ژیاندنەوە و چاپکردنەوەی ئەو نامیلکە بەنرخەی ئەمین زەکی بەگی نەمر، مێژووی سیاسەت و ئەدەبی کوردی قەرزداری هەوڵ و زەحمەتی نووسەری کتێبەکەیە و دەبێ ڕۆحی ماندووی ئەمین زەکیش دوای ٩٠ ساڵ پەرۆش بوون، بەو کارە گرنگەی نووسەر حەسابێتەوە.

ئەوەی خوارەوە ڕوانینێکی سەرپێییە بە هەندێ لایەنی کەسایەتیی ئەمین زەکی لە ڕوانگەی دوکتۆر سەباحەوە:

<u>سیاسەت و کارگێڕی:</u> "لە سەدەی بیستەم و لەناو کورددا محەمەد ئەمین زەکی بەگ پێشەنگی بیرمەندانی دەوڵەتسازی بووە، مێژووی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی کورد نووسیوەتەوە. بەو ئاراستەیەش هەوڵیداوە مێژوو بە زمان، جوگرافیا، زەمینەی سیاسی، هێزی سەربازی، شوێنەوار ناسی، سیستەمی قانوونی، ئابووری و فەرمانڕەوایەتی ئاوێتە بکا... بۆ کورد زۆر گرنگە بۆچوون و تێگەیشتنی ئەمین زەکی بەگ بۆ دەوڵەت و حکوومەت، وەک سەرەتای مێژووی دامەزرانی زانستی سیاسەت لە ناو کورددا دیاری بکات."... نووسەر تەنانەت مێژوو نووسینی ئەمین زەکی بەگ "وەک ئامڕازێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە" سەیر دەکات و وتووێژێکی کورتی ئەو و ئەحمەدخواجا بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە لێی پرسیوە

"قوربان خەریکی چیت؟" و ئەو لە وەڵامدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بە نووسینی مێژووەکەی دەکات و دەڵێ "خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کەلاوەکانم!" (لل. ٥٩، ٦٠ و ١٣٢)

<u>دەوڵەت و حکوومەت:</u> "لە بیری ئەمین زەکیدا دەوڵەت بە گشتی دامەزراوە و دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندییە کە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا ئیش بۆ ڕێکخستنی کاروباری خەڵک دەکا. هاوکات، دەوڵەت لە ڕێگای حکوومەتەوە سیاسەتێکی نیشتمانی لە ماف و ئەرک، لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی دا پیادە دەکا. ... سەرەتا بیری محەمەد ئەمین زەکی، دەوڵەت بەند بووە بە بنەچەی بنەماڵەوە واتا هەر بنەماڵەیەکی کورد لە هەر شوێنیک حکوومەتی کردبێ، با لە کوردستانیش نەبووبێ، ئەو بە حکوومەتی کوردیی تۆمار کردوون، بۆ نموونە ڕەوادی و سالاری لە ئازەربایجان، ئەییووبی لە میسر و شام و زەندی لە ئێران. لە قۆناغی دواتردا توانیویەتی بنەماکانی دەوڵەت ودەوڵەتداری بە عەقڵ و لێکدانەوەی خۆی پوخت و فراوان بکا... لە ڕوانگەی واقیعی سیاسییەوە، کێشەی کورد تەنیا پەرتکران نەبووە بەڵکوو پەرتبوونە ناوخۆییەکەی بە ئازارتر و بەسوێتر بووە... لە هەنگاوی یەکەمدا ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ناناوەندیدا خواستووە، و **ئازادی و سەربەخۆیەتی کوردستان ئامانجی سەرەکیی بووە بەڵام ئەو زیاتر لەگەڵ واقیعدا مامەڵەی کردووە.** (لل. ١٠٣ تا ١٠٨)

<u>نامە بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم و 'دوو تەقەلای بێسوود':</u>
"نامیلکەی دوو تەقەلای بێسوود بریتییە لە دوو یادداشتی تایبەتی

محەمەد ئەمین زەکی بەگ. یەکەمیانی لە ٢٠ لانوونی یەکەمی ١٩٣٠ بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم نووسیوە و وێنەیەکیشی لەگەڵ پاشکۆیەک دەربارەی کارگێڕێتی ناوچە کوردییەکان کە پەرلەمانی عیراقی لە ١٩٢٥ دا دەریکردبوو، بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە بەغدا ناردووە. دووەمیانی لە ٢٠ی مایسی ١٩٣١ لەگەڵ سەرنجەکانی سەبارەت بە قانوونی زمانە ناوچەییەکان (قانوونی لۆغاتی مەحەللی) بۆ نوێنەری باڵا [ی بریتانیا] ناردووە."

بەشێکی بەرچاوی کتێبی کاک سەباح تەرخانی ناساندنی ئەو دوو نامیلکەیە و چاپی دەقی ئەسڵیی یەکەمیان و نووسینەوەی دووبارەی بە شێوە خەتی ئەمڕۆیی کراوە. لە خوێندنەوەی نامەکەدا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە ئەو بایەخپێدانەی نووسەر بێهوودە نەبووە و ڕیشەی لە ناوەرۆکی گرنگی سیاسی-دەستووریی نامەکەدایە کە بە شێوازێکی دیپلۆماسی و بەوپەڕی ئەدەبەوە پێشکەش بە مەلیک فەیسەڵ کراوە. ڕەنگە ڕاگواستنی ئەم بڕگەیەی سەرەتاکانی نامەکە بتوانێ تا ڕادەیەک ناوەرۆکی گشتیی و فەزای هەموو نامەکەمان بۆ دەربخات، گەرچی بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی ئەمین زەکی و ناسینی مێژووی ئاڵۆزی ئەوسالانەی باشووری کوردستان لە ئاژاوەی عوسمانی، تورکیای نوێ، سیاسەتی بریتانیا و هەڵوێستی حاکمانی عیراقی تازەدامەزراو، پێویستە خوێنەر دەقی نامیلکەکان بە وردی بخوێنێتەوە:

"ئەگەر بێت و ورد بینەوە لە ئەسبابی شکایات و دڵشکاوی و عەدەمی ئیعتیمادی کوردەکان بەرامبەر بە حکوومەت، ئەبینین کە ئەمە عیبارەتە لە تەمەسوک نەکردن [ی دەوڵەتی عیراق] بەو

قەرارەی کە عوصبەتولئومەم دابووی و لە لایەن حکوومەتی عیراق و خەلیفەی گەورەمانەوە قەبووڵ کرابوو و لە ئیعتیباری ١٩٢٦ەوە بەڵێن بە تەطبیقی درابوو..." (لل. ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٩٤ و ٢٩٥).

<u>مێژوو نووسین:</u> بە بۆچوونی نووسەر، "بیری محەمەد ئەمین زەکی بۆ مێژوو، بیرێکی ڕەخنەگرانە و دامەزرێنەرانەیە... لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی کتێبی خۆلاسەیەکی مێژووی کورد و کوردستاندا کاتێک چەندان جار پرسیار لە خۆی دەکا و دەڵێ "قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە و چی بەسەرهاتووە؟" مەبەستی سەرەکیی دۆزینەوەی خۆی بووە لە ناو نەتەوەکەیدا و هاوکاتیش دۆزینەوەی نەتەوەکەی لە ناو نەتەوەکانی ناوچە و جیهاندا...مێژووی هەر نەتەوەیەک 'ئینسان'ی نەتەوەکەیە... ئەو، ڕووداوی سەدەکانی پێشینی بەستۆتەوە بە خوێندنەوەی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. بە مانایەکی دیکە، ئەو مێژووی کردووە بە زانستێک کە هەموو زانستەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە... لایەنێکی دیکەی تێڕوانینی محەمەد ئەمین زەکی بۆ مێژوو، پەیوەندی دانەبڕاوی جوگرافیایە بە هەموو لقەکانیەوە وەک جوگرافیای بەشەری، جوگرافیای کانزا وسامانە سروشتییەکان لەگەڵ مێژوو، بە مانایەکی دیکە جوگرافیای لە مێژوو جیا نەکردۆتەوە." (لل. ٧١ تا ٧٣)

ئە<u>دەب</u>: سەبارەت بە ئەدیب و نووسەر و شاعیر بوونی ئەمین زەکیش لە کتێبەکەدا دەخوێنینەوە کە دەڵێ: "چەندان لە مێژوونووسانی ئەدەبی کار باس لەوە دەکەن کە هەر لە سەردەمی لاویەتییەوە بەهرەی شاعیرێتی لای محەمەد ئەمین

زەکی دەرکەوتووە. عەلادین سەجادی مێژووی شاعیریی ناوبراو دەگەڕێنێتەوە بۆ "تەمەنی پێش ١٢ساڵان و کاتێک کە لە ڕوشدییەی سەربازی بووە... و لەناو ئەدیباندا بە 'گوڵدەستەی ئەدیب و شاعیران ئەژمێررا." ڕەفیق حیلمیش گوتوویەتی "بەم شیعرە ڕێک و سەلیسانە دەرئەکەوێت کە ئەمین زەکی بەگ لە شیعرا قابیلێتێکی فیتری هەیە و زمانەکەی خۆی باش زانیوە." (لل.٢١٧ تا ٢٢٢)

<u>زمان:</u> "لای محەمەد ئەمین زەکی بەگ مەبەست لە زمان زمانی ئاخاوتن و نووسین و کارگێڕییە، بۆیە گرنگیی زۆری پێداوە و بە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی بوونی نەتەوە و نیشتمان تەماشای کردووە ... کارەکانی بۆ زمانی کوردی هەر ئەوە نەبووە زگماکی و سروشتییەکی ساکار بن، بەڵکوو شارەزایی و تێڕوانین بووە بۆ سەردەمی خۆی و بۆ دواڕۆژی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی بە مەسەلەیەکی وجوودیی کورد دەزانی و ئیشکردن لە پێناویدا لە هەموو بوارەکانی ناوخۆی کورد، خوێندن و بەڕەسمی ناساندنی، بە ئەرکی سەرشانی دەزانی..... ڕەخنەی لە شەرەفخانی بدلیسی و مەولانا ئیدریسی بدلیسی گرتووە کە بۆچی کتێبی شەرەفنامە و هەشت بەهەشتیان بە فارسی نووسیوە نەک بە کوردی." (لل. ١٧٢ تا ١٧٧)

<u>وێنە کێشان:</u> "دیوێکی دیکەی زەوق و بەهرەیەکی دیکەی هونەرپەروەریی لە ئەمین زەکیدا ئەوەیە هەر لە لاوێتییەوە هۆگری وێنە کێشان بووە و گەلێک وێنەی جوان و هونەریی نەخشاندووە و لە ماڵەکەی خۆیدا دیوارەکانی پێ ڕازاندبۆوە." (ل. ٢٢٧)

به کورتی، ئەو هەوڵەی وا دوکتۆر سەباح لە پێناو ناساندن و ڕێز لێگرتنی ئەمین زەکی بەگ وەک مێژوونووس داویەتی، ڕەگی لە ڕاستەقانی ناو کتێبە ناسراوەکەی ئەو واتە 'خۆلاسەیەکی تەئریخی کورد وکوردستان' داکوتاوە. ئەمین زەکی بەگ، وەک دووەمین مێژوونووسی کورد دوای شەرەفخانی بدلیسی، بە پێچەوانەی باوەڕی باوی ئەم سەردەمەی ئێستا، کە کورد بە کلکی شاهانی ئەشکانی و ساسانییەوە دەبەستێت، ئەو لە مێژووەکەی خۆیدا کوردی لە چوارچێوەی 'مەنزوومەی زاگرۆس' (پێکهاتوو لە لۆللۆ، گۆتی، کاسای، سووباری یا هووری) دا بینیوەتەوە و شوێنی لە ئیمپراتۆریەتی ٢٥٠٠ ساڵەی عیلامدا هەڵگرتووە. هەر ئەوە دەرسێکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی وا کوردایەتی لە ئێرانیچییەتیدا دەبینن و نازانن کورد پێش ساسانی و ئەشکانی و هەخامەنشییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا ژیاوە و لە ساڵانی ٣٥٠٠ تا ٥٣٩ی پێش زایین واتا پێش دامەزرانی حکوومەتێک بە ناوی ئێران، بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی مەزنی عیلامی پێک هێناوە. ئەوەی خوارەوە بەڵگەیەکە لە بۆچوون و هزری ئەمین زەکی سەبارەت بە بنەما و بنچینەی کورد:

"لافاوی موهاجرینی هیندوئەوروپایی و ئاری بۆ زاغرۆس و شەرق و غەربی، لەپاشدا (کە ڕەنگە لە ئیعتیباری عەسری دەیەم و نۆیەمی پ. م ەوە دەستی پێکردبێ)، ئەبێ بەقایای ئەهلی ئەسڵیەی زاغرۆس و کوردستانی بەرە بەرە خستبێتە ژێر نفووسی خۆی و کردبنی بە ئاری... کەوابوو، ئەسڵ و فەسڵی کورد، وەک بەعزێ عولەمای ئاسار گوتوویانە، لەگەڵ ... مەنزوومەی زاغرۆسی قەدیمدا زۆر عەلاقەدارن.

"('خۆلاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان'، بەرگی یەکەم و دوەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل. ٥٠)

*****

لە کۆتایی قسەدا و دوای دەستخۆشی لە دوکتۆر سەباحی غالیب بۆ نووسین و ئامادە کردنی ئەم کتێبە بایەخدارە و لە پەراوێزی ئەودا، بە پێویستی دەزانم دەستنیشانی خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندی بایۆگرافی نووسین بۆ کەسایەتییە کوردەکان بکەم و بڵێم کەمایەسییەکی گەورەی کتێبخانەی کوردی نەبوونی سەرچاوەی ڕێکوپێکە بۆ ناسینی ژیان و ئەرک وکاری کەسایەتییە مێژووییەکانی کوردستان. لێرە لە بریتانیا هەموو ساڵێک بەرگێک کتێبی "کێ کێیە؟(Who’s Who?)" بڵاو دەبێتەوە کە تێیدا ژیان و شوێنەوارەکانی خەڵکانی شوێندانەری ئەو ساڵەی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە خوێنەران دەناسێندرێت. مێژووی ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە کتێبی "کێ کێبوو؟( Who Was Who?)" سەبارەت بە ژیانی خەڵکانی کۆچکردووی ئەو ساڵە بڵاودەکرایەوە؛ بەڵام بیست سی ساڵ دواتر ناوەرۆکی گۆڕا بۆئەوەی ژیننامەی خەڵکانی زیندوو و مردووی شوێندانەری ساڵەکە هەردوکیان بگرێتە خۆ، ناوی "کێ کێیە؟"ی لێنرا، کە تا ئێستاش لەم شێوازە تازەیەدا درێژەی هەیە و چاپی ساڵی ٢٠٢٦یشی بڵاو کراوەتەوە. وەبزانم هاوشێوەی ئەو ساڵنامەیە لە هەندێ وڵاتی دیکەی ڕۆژئاواییشدا بڵاو دەبێتەوە و تەنانەت لە تورکیاش بە ناوی "کیم کیمدی؟" چاپ دەبێت.

له بەرانبەردا، بۆ تێگەیشتن له ناتەواویی کۆمەڵگای کورد لەو بوارە تایبەتەدا، هەر ئەوەنده بەسە ئاوڕێک له دەوروبەرمان بدەینەوە و بزانین ژیننامەی چەندکەس له پێشڕەوانی سیاسەت یا هونەر و ئەدەبی کوردی ناسیاوی خۆمانمان لەبەردەستدایه و دەتوانین پێیاندا بچینەوە؟ واهەیە نموونە هێنانەوەیەک بتوانێ ئامانجەکەی من باشتر بپێکێت:

دوابەدوای هەرەسی کۆماری کوردستان (ساڵی ١٩٤٦) و بە تاوانی بەشدار بوون له کاروباری کۆمار، لایکەم ٢٣ کەسایەتی گەورەی کورد له سێدارەدران بەمشێوەیه: ٧ کەس له مەهاباد، ١١ کەس له سەقز، ١ کەس له بۆکان و ٤ ئەفسەرە شەهیدەکەی باشوور. ئێمە بەشێوەیەک له شێوەکان سێ شەهیدی بنەماڵەی بەڕێزی قازی واته پێشەوا، سەدر و سەیفی قازی، هەروەها چوار ئەفسەرەکەی باشوور (محەمەد قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز) دەناسین و دەزانین کێ بوون و کەی و چۆن گیانیان لەپێناو وڵاتەکەماندا بەختکردووە. بەڵام ئەستەم هەبن کەسانێک کە ناو و چۆنیەتیی ژیان و شوێن و ڕێکەوتی ئیعدامی ١٦ کەسەکەی دیکه بزانن! ئەوە ئەگەر به دواکەوتوویی کۆمەڵگا دانەنرێت، لایکەم شەرمەزارییەکە بۆ ئێمە کە لە سەردەمی گووگڵ و ژیریی دەستکردیشدا ئەوا زانیارییە گرنگانەمان لەبەردەستدا نییە، ئیتر ژیننامەی پێشمەرگەی دلێر و خەباتکارانی زۆری هەموو پارچەکانی کوردستان له شوێنی خۆی بمێنێتەوە! ئەوە تەنیا سیاسەت بوو، جا ئیتر بوارەکانی دیکەی ژیانی ژیارییمان چۆنە، دەکرێ بەوەدا بزانین! بایۆگرافی نووسین بۆ خزمەتکارانی مرۆڤایەتی کەمترین ئەرکی ئێمەیە له بەرانبەر

فیداکارییە مەزنەکەیاندا. با کەمتەرخەم نەبین و گوێ لەو بانگەوازە نەئاخنین. با کاری دوکتۆر سەباح ڕەچاو بکەین و ئەو 'وەزیفەیە' بەڕێوە ببەین وا ئەمین زەکی خستوویەتە سەرشانی پێگەیشتووانی کورد.

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠٢٦/٣/٩